# پرۆژەی بڕیار

بەپشت بەستن بەبڕگەی (1) ی ماددی (56) لەیاسای ژمارە(1) ی ساڵی 1992 ی هەموارکراوو لە سەرداوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (   )ی رۆژی   /   / 2010 ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرچواند:

## بڕیاری ژمارە (  ) ی ساڵی 2010

یەکەم: ئەم وشەو زاراوانەی خوارەوە ، بەکارهێنانی ڕەسمییان لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان دوو بەکارهێناندا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1–لە نێوان خوێندنگاو قوتابخانە ،خوێندنگا بەکار دەهێنرێت.

2–لەنێوان قوتابی وخوێندکار ، قوتابی بەکار دەهێنرێت.

3–لەنێوان ئافرەت و ژن ، ئافرەت بەکاردەهێنرێت.

4–لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی وبەڕێوەبەریێتی، بەڕێوەبەرایەتی بەکاردەهێنرێت .

5–لەنێوان پەرلەمان وپارلەمان، پەرلەمان بەکاردەهێنرێت .

6–لەنێوان پەیوەندی وپێوەندی،پەیوەندی بەکاردەهێنرێت.

دووەم :لیژنەیەك لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ مەبەستی سەرەوە پێك دێت .

سێ یەم : پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان  حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن .

چوارەم : ئەم بڕیارە دوای (2) مانگ لە دەرچوونی جێ بە جێ دەکرێ و لەرۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە.

<u>هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم بڕیارە :</u>

لە پێناو یەکگرتنەوەی تەواوەتی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم و نەهێشتنی هیچ شوێنەوارێکی دوو ئیدارەیی و دروست کردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی و نەهێشتنی لەمپەرەکانی بەردەمی ، ئەم بڕیارە دەرچوێنرا .